راگەیاندنی ژمارەیی DMC: بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق گەیشتوونەتە 32ملیۆن کەس

بنکەی راگەیاندنی ژمارەیی DMC باڵاویکردەوە، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق گەیشتوونەتە 31.95 ملیۆن کەس کە دەکاتە 69.4% ی سەرجەم دانیشتووانی عێراق.

بنکەی راگەیاندنی ژمارەیی DMC باڵاویکردەوە، لە ساڵی 2024 گۆڕانکاریی گەورە و زیادبوونێکی بەرچاو لە ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق رووداوە، بە شێوەیەک ساڵی رابردوو 23.88 ملیۆن کەس بووە ئەمساڵ بە 31.95 ملیۆن کەس بەرزبووەتەوە.

لە عێراق زۆرترین هاوڵاتیی فەیسبووک بەکاردەهێنن، لەدوای ئەویش یوتیوب و ئینستاگرام.